٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



# لیستی ٧٦
# خزمەتکردنی هونەر و هونەرمەندان

**پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی**

لە دوای ئەوەی ئیدارەی پارێزگای هەولێر بە گشتی کەوتە دەست پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، یەکێك لەو بوارانەی کە بەردەوام گرنگی پێدەدرا و پاڵپشتی لێدەکرا، بواری هونەری بووە بە هەموو ژانر و لق و پۆپەکانییەوە.

هەمیشە داواکاری و داخوازییەکانی هونەرمەندان جێبەجێ کراون و هاوکاری کراون لە پێناو خزمەتکردنی زیاتر بە هونەر و دابینکردنی پێداویستییەکانی هونەرمەندانی هەولێر و پارچەکانی دیکەی کوردستان و دەرگاکانی ئەم شارە والآ بووە بۆ ئەوەی بتوانن پەرەی زیاتر بە بواری هونەری بدەن و رەسەنایەتی هونەری کوردی بپارێزێت کە لە دێر زەمانەوە ئەم شارە دێرینە پێی ناسراوە و هاووڵاتیانیی شارەکە شانازیی پێوە دەکەن.

لە مێژووی کورددا سروود و گۆرانییەکانی تیپی مۆسیقای شۆڕش لای خەڵکی ئاشنا بوون و ببوون بە وێردی سەرزوبان، دەیان هونەرمەند چەکی پێشمەرگایەتییان و بەرگرییان کردە شان و لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریدا بوون، هونەرمەندە پێشمەرگەکانی هەولێریش رۆڵێکی بەرچاویان لە شۆڕشەکاندا هەبوو. بۆیە دوای ئەوەی دەسەڵاتی هەولێر کەوتە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنی هونەریی فەرامۆش نەکرد و گرنگییەکی زۆری پێدا.

**گۆرانی و میوزێك**

گۆرانی و میوزیك بە بەشی سەرەکی هونەر دادەنرێن و هەمیشە هۆکارێکی بووە بۆ و ناساندنی کەلتوری میللەتان بە جیهان و زۆر لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لە رێگای هونەری گۆرانی و میوزیکەوە توانیویانە کەلتوور و فەرهەنگی خۆیان بە جیهان بناسێنن، لەم نێوەندەشەدا ساڵانە سەدان فیستیڤاڵی جیهانی تایبەت بە گۆرانی و میوزیك لە سەرانسەری جیهان ساز دەکرێن، پارتی لە پارێزگای هەولێر و لە روانگەی بەرز راگرتنی ئەم بوارە سەرەکییەی هونەر تا ئێستا چەندین فیستیڤاڵی تایبەتی لەم بوارەوە سازکردووە لەسەر ئاستی هەرێم و هەر چوار پارچەکەی دیکەی کوردستان، جگە لە کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان چەندین گرووپی هونەری بیانی لە سەرتاسەری جیهان سەردانی کوردستانیان کردووە و کار و چالاکیی هونەریی خۆیان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی هونەرمەندانی هەولێر ئاشنایی زیاتریان بە کەلتوور و

**٧٦**

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان پاراستن و پەرەپێدانی کەلتور و رۆشنبیری بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، هەولێر یەک لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی بزاڤی رۆشنبیری و کەلتورییە و ناوەندی زۆر لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و رێکخراوە چالاکەکانی ئەدەب و هونەرە، بۆیە لیستی پارتی دەسگیرۆیی ئەو دەزگاو چالاکیانە بە ئەرکی خۆی دەزانێت و بەردەوام دەبێت**

**ئەم پشتیوانی و هاوکارییە جگە لە هونەر و کەلتوری کوردی، بۆ هونەر و کەلتوری نەتەوەکانی دیکەی هەولێر بە هەمان شێوە جێگەی بایەخی لیستی پارتیە**

هونەری میللەتان هەبێت و ئاڵوگۆڕییەکی زیاتریان هەبێت.

لە بەرامبەردا ساڵانە بە پاڵپشتی و هاوکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر چەندین گرووپی هونەری کوردی بۆ سازدانی کۆنسێرت و ئاهەنگی هونەری و بەشداری کردن لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان سەردانی دەرەوەیان کردووە، ئەم ئاڵوگۆڕە هونەرییە ڕێگایەك بوو بۆ تێکەڵ بوون و ئاشنا بوونی میللەتانی جیهان بە هونەر ومیوزیك و کەلتووری کوردی.

لەلایەکی دیکەوە چەندین هونەرمەندی ناوداری جیهانی سەردانی کوردستانیان کرد و کار و بەرهەمەکانی خۆیان لێرە پێشکەش کرد و بە جەماوەری کوردستان ئاشنا بوون، هەروەها چەندین هونەرمەندی ناودار بە زمانی خۆیان گۆرانییان بۆ کوردستان چڕی، ئەمانەش هەمووی نیشانەی پێشکەوتنی بواری گۆرانی و مۆسیقایە لە کوردستان کە هەموویان بە هاوکاری و پاڵپشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بێ گومان لە ئایندەشدا لیستی ٧٦ ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتی دەبێت لە خزمەت کردنی بواری هونەر و خۆشتر کردنی گوزەرانی هونەرمەندان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی کارکردنیان بۆ ئەوەی توانا و بەهرەی خۆیان وەك پێویست بخەنە گەڕ و خزمەتێك بە شاری هەولێر بکەن و لەو ڕێگایەوە خزمەتێك بە هونەری کوردستان بکەن.

جگە لەمانە ساڵانە لە کوردستان فیستیڤاڵی گەورەی هونەری و شایستە ساز دەکرێ بە بەشداری گرووپە هونەرییەکانی جیهانی و عەرەبی کە تێیدا کارەکانی خۆیان نمایش دەکەن و هونەری خۆیان بە کورد دەناسێنن، ساز کردنی ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە تا ساڵانێکی زوو پێش ئێستا زیاتر لە خەونێك دەچوو، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی



٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان



## زیادکردنی مووچەی ڕێزلێنان و دەستگیرۆیی ماددی ئەو هونەرمەند و نوسەرانەی ژیانیان لە خزمەتی کەلتوری گەلەکەیان بەسەربردووە

■



## ئاسانکردنی سەفەر بۆ وەفدە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ناساندنی کەلتوری کوردستان بە دونیای دەرەوە


Erbil Tourism 2014
محافظة اربيل
عاصمة السياحة العربية 2014
ترحب بضيوفها الكرام


دووەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ
مهرجان اربيل الدولي الثاني للمسرح
2ND HAWLER INTERNATIONAL THEATER
18-24 - SEP - 2012
IRAN
ITALY
TURKEY
IRAQ

پارتـــی دیموكراتی كوردســـتان هاتنی ئەم گرووپ و تیپە هونەریانە و ئاشنا بوون بە كار و چاكییەكانیان لە خەونێكەوە بوو بە راستی.

**رێزلێنانی هونەرمەندان**

پارتی دیموكراتی كوردســـتان هەمیشـــە رێز لەو كەسانە دەگرێت كە رۆژێك لە رۆژان خزمەتێكیان بە كوردستان كردووە و ستایشی هەوڵ و ماندووبوونیان دەكات، ئەمەش هاندەرێكە بۆ نەوەی داهاتوو تابزانین دەســـەڵاتی كوردی كە خۆی لە پارتیدا دەبینێتەوە ئەرك و خزمەتیـــان لەبەرچاو دەگرێت تاكو ئەوانیش لە داهێنان بەردەوام و سڵ نەكەنەوە، لەم رووەوە پارتی دیموكراتی كوردســـتان دەستپێشخەر بووە و تا ئێستا چەندین مەراســـیمی رێزلێنان بۆ هونەرمەندان ساز كردووە و ستایشـــی خەباتـــی هونەرییانی كردووە، هەروەها چەندین پەیكەر بۆ هونەرمەندان درووستكراوە و هۆڵ و یانە و شەقام بە ناوی هونەرمەندان كراوە، لەلایەنی ساڵوەگەڕ و مەراســـیمی رێزلێنان بۆ ئەو كەڵە هونەرمەندانە رێكخراوە كە لە ژیاندا نەماون بۆ ئەوەی خزمەتیان لەبەرچاو بگیرێت.

**بۆچی هونەرمەندانی هەولێر پشتگیری لە لیستی ٧٦ی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەن؟**

ئەگـــەر بە وردی و ویژدانەوە لە كار و هەوڵەكانی پارتـــی بڕوانین بۆ بـــرەودان بە بـــواری هونەری، بۆمان روون دەبێتەوە كە پشـــتگیری و پاڵپشتی ئەم هونەرمەندانە لە لیســـتی ٧٦ ی پارتی دیموكراتی كوردســـتان دوای ئەزموونێكی سەركەوتووی پارتی دێت، كۆبوونەوەی هونەرمەندان لە دەوری ئەم لیستە لەو روانگەیەوەیـــە كە هونەرمەندان ئەم لیســـتە و كاندیدەكانی بە زامنی پاراستنی مافەكانیان دەزانن و دڵنیان لەوەی كە وەك چۆن لە رابردوو داكۆكیكاری مافەكانیان بووە لە داهاتووشدا بە هەمان رۆحیەتەوە بـــەردەوام دەبێـــت و بەرگری زیاتر لـــە مافەكانیان دەكات، ئەگەر تا ئێســـتا نەتوانرابێت تەواوی مافی هونەرمەندان بگەڕێنرێتەوە، ئەوا هونەرمەندان لیستی ٧٦ی پارتـــی دیموكراتی كوردســـتان بە زامنی بە دیهاتنی مافەكانیان دەزانن، چونكە خزمەت كردن و پێش خستنی كۆمەڵگای كوردەواری لە ئەركە هەرە سەرەكییەكانی پارتییە، لەم نێوەندەدا بواری هونەر و خزمەت كردنی زیاتـــری هونەرمەندانی هەولێر وەك هەمیشە بەشێكی سەرەكی دەبێت لە ئەركەكانی ئەم لیستە.

**٧٦**

**لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان**

## ئاسانكاری سازدانی كۆنفرانس و فیستیڤاڵ و سیمیناری و كۆڕ و كۆبوونەوە كەلتورییەكان

## پشتیوانی هونەرمەندان و رۆشنبیران لە كار و پرۆژەكانیاندا

## زیادكردنی پشتگیری بۆ سەنتەر و گروپ و تیپە هونەری و كەلتورییەكان